ناوی سەزدە هەزار خاوەن پەداویستیی تایبەت ئاماستەی وەزارەتی دارایی عێراق کرا



حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاری دا ناوی 13 هەزار خاوەن پەداویستیی تایبەت ئاماستەی وەزارەتی دارایی عێراق بکات بۆ دابینکردنی پشتگیری دارایی.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە (25ـی نیسانی 2024) لە راگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد، دوای وەستانی زیاتر لە 10 ساڵ لە پرۆسەی ناونوسکردنی نوێی کۆم ئەندامانی کوردستان، دوابەدوای هەوڵ و کۆشش بەردەوامەکانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئارستەکردنی نوسراوی وەزارەتمان و لەسەر فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی وەرگیرا بۆ ئاماستەکردنی ناوی ئەو کۆم ئەندامە نوێیانەی کە لە قەناغی یەکەم زیاتر لە 13 هەزار کەس پشکنینیان بۆ کراوە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق.

ئامانج لەو کارە وەک وەزارەتەکە وتویەتی، دابینکردنی مینحەی کۆم ئەندامی و تەرخانی داراییە بۆ جێبەجێکردنی داوای وەزارەتەکەیان لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە.